# نامەی خوێــنەران

## نامەی خوێنەران

**ن: باران**

سلاو بۆ ئێوە گۆڤاری لاوان، سپاسـتان ئەکـەم بـۆ ئـەوەی دەرفـەتێکی واتان بـە ئێمـە دا کـە دەردی دڵمـانی تێدا بکـەین. لـە ژمـارەی پێشـوودا بەشێکم بەرچاوکەوت کە تێیدا نامەی خوێنـەران چـاپ و بـڵاو ئەکرێتـەوە. دیارە دەمێکە ئەم بەشە لەم گۆڤارە و باقی گۆڤارە کوردییەکاندا بەتاڵە. ئێستاش کە من ئـەم نامەیـەتان بـۆ ئەنووسـم، نـە منـداڵم و نـە گـەنجێکی پوختەو پێگەیشـتوو. کاریشـتان بـە تەمەنمـەوە نـەبێ. تەمـەنی مـن هـیچ گرێیەك ناکاتەوە لەو پرسیارانەی لە دڵتانایە. ئەوەی پێویستە یا خۆم بـە پێویستی ئەزانم بۆتانی ئەنووسم. من ئێستاکە، تەنیام و لـە تـەك بـاوکم و دایە گەورەم دا ئـەژیم. ژیـانی رۆژانـە و رواڵـەتیم نـەك خـراپ نیـە بـەڵکوو زۆریش باشە. لە جلووبەرگا کۆك و پۆشتەم و کەمایەسیم نیە. دەسـت لـە سەر هەر شتێك دانێم بۆمی ئەسەنن و دڵم ناشـکێنن. بـەڵام بـە خـوا ژیـان هەر ئەوە نیە کە تۆ تێر و پرو کۆك و پۆشـتە بیـت. بـەڵکوو ئەشـێ ئـازاد بیـت و فکـرت ئـازاد بێـت و ئەگـەریش بـە رووت و قـووتی بـژیت. یـانێ، جلوبەرگ و ماڵی دنیا ناتوانن ئەم بۆشاییە دەروونییانە پڕ بکەنەوە کـە وا خەریکە لە ناخەوە تۆی ئینسان وێران ئەکەنەوە و ئێسقانەکانت ئەکرۆژن.



کـورتی ببڕینـەوە، مـن لـە تەمـەنی ٧ سـاڵیمەوە لـە ئـامێزی دایکـم دوور خراومەتەوە. یا باشترە بڵێم باوەشی دایکمیان لێ وێران کـردووم و ئـەویان دوور خستۆتەوە لێم. دیارە لە دوای دایکمەوە بە ناز و نازدار پەروەردە و گەورە کراوم بەڵام جێگای بەتاڵی خۆشەیستیی دایکم بەمجۆرە شـتانە پـڕ نەبۆتەوە و نابێتەوە. دایکم ئێستا لە شوێنێکی ترە. چـاوەڕوانیتان نـەبێ شوێن و تایبەتمەندییەکانی دایکمتان پێ بدەم. هەر ئەوەندە بەسـتانە کـە

لەو نزیکانەیەو من ئەم شانسمە هەس کە زوو زوو بیبینم و خەمەکانمی بۆ باس بکەم و گوێ بگرم لە سەربوردەی تاڵی ئەو. دایکم کاتێ مێرمندالْ بووە، باوکمی یەکەمجار لە شوێنێك کە حەز ناکەم لێرەدا باسی بکەم، بینیوەو دڵیان یەکتری گرتوە و دواتر بوونەتە هاوسەر و منیش بەرهەمی ئەم هاوسەرێتییەی ئەوانم، جا کەیفی خۆتانە بە لای ئێوەوە بەرهەمی چاوڕەشیم یا ....

ژیانی هاوبەشی باوکم و دایکم زۆر درێژخایەن نەبووە. بەو پێیەی کە ئەوان یەکتریان خۆش ویستوە. بەڵام شتگەلێ هەن کە دایکم بە هۆکاری سەرەکیی ئەم لێك دابڕانەیان دەزانێ. دایکم ئەڵێ: ئەم ڕۆژەی عاشقی باوکت بووم ئێوارەیەکی تەماوی بوو. خەڵك چاوەڕێی باران بوو، کەچی بەهۆی ئەم گژەبایەی هەڵی کرد، هەورو تەم ڕەوینەوەو باران داینەکرد. سبەینی یەکەی ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لێکدابڕاین و جارو بارەیەك بە نامەی نهێنی نەبێ، نەمانتوانی لە نزیکەوە یەکتر بدوێنین. ئەم دۆخە وایکرد ئێمە هیچکات یەکتر بە باشی نەناسین. دایکم ئەڵێ: نەبوونی دەرفەتی یەکتردواندن و لێك تێگەیشتن وایکرد ئێمە نەتوانین کێشە ئێحساسییەکانمان لە گەڵ مەسەلە و گرفتە عەقڵییەکانمان لێك جیا کەینەوەو بە شێوەیەکی مەنتقی بە یەکەوە قسە بکەین و هۆگری و مەیل و حەز و ئارەزووەکانمان بێنینە گۆڕێ و بە باشی لێك تێبگەین. هەر بۆیەش هیچکات خۆشەویستییەکی عاقڵمەندانە، بەو جۆرەی کە پێویست بوو، نەپشکوت. نەبوونی دەرفەتگەلێکی لەم جۆرە وایکرد ئێمە بە باشی یەکتر نەناسین و لایەنە دەروونی و فیکرییەکانی یەکتر بە باشی نەخەینە تای تەرازووی پێوەرەکانی ژیانمان. خۆشەویستی بۆ ئێمە کورت کرابۆوە لەم چاوپێکەوتنە کوتوپڕە خێرایانەی لە نێو ئاپۆرەی دەرو دراوسێکانماندا ئێوارانێکی درەنگ وەك بڵێسەیەك بە چاولێکردن یا بە بزەیەکی شیرین ئەمان گۆڕینەوە. یەکتر بینین و بە یەکەوە قسە کردن تاوانێکی نەبەخشراو بوو بۆ من و بۆ بنەماڵەکەم مایەی شەرمەزاری و ئابڕووچوون بوو. براکانم ئەیانوت: سەرمان پێ نەوی نەکەی؟. دواتریش کە زەماوەندمان کرد ماوەیەکی زۆر هەر عاشقانەو تاسەبارانە هەڵسوکەوتمان کردو ویستمان قەرەبووی رابردوومان بکەینەوە. دواتر کە تاسە و کوڵ و کۆمان وردە وردە دائەمرکایەوە، کێشەکان خێرا خێرا سەریان هەڵدەدا. ئەم موخالیفی تەواوی ویست و حەزەکانی من بوو. بە لای "باوکتەوە" تەواوی ئە شتانە تاوان بوون و هۆی ئابڕووتکان بوون کە من حەزم لێیان بوو. وردە وردە کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوانمان و خۆشەویستی جێگەی خۆی دا بە شەڕ و دەمەقاڵەی ماڵێ، تا لێك جیا بووینەوە.

هاوڕێیانی گۆڤاری لاوان، سەربوردەی تاڵی دایکم زۆر زیاترە لەوەی لە نامەیەکدا بگونجێ و تەغارێکی کاغەز ئەوێ. ئەوەی ویستم لێرەدا سەرنجی ئێوەی بۆ راکێشم: جێگای بەتاڵی دایکم بوو کە هیچ شتێ تا مردن ناتوانێ بۆمی پڕ بکاتەوە. ئەوی دیکەش خستنە رووی ئەو گیرو گرفتانە بوو کە لە سەر رێی گەنجان(بە کچ و کوڕەوە) کە دەرفەتی یەکتر ناسینیان پێ ناداو ئاکامەکەشی هزاران مرۆڤی وەك منی هەناسە ساردی لێدەکەوێتەوە.